# فاوڵ لە ڕۆژنامەکانەوە

عەلی مەحمود

عەبدوالسەلام بەرواری : سەرکردایەتی کورد قومارێکی سەرکەوتوی لەسەر کەرکوك ئەنجامدا(میدیا 197).
– قومارچی بدۆڕێت نەڵێت بە گونمەوە دڵی شەقە بات . لە شۆڕش و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هاتینە سەر قومار , مفاوەزاتەکان بە زار فڕێدان ئەنجامە درێن بۆیە وا براوەین تیایا ؟؟؟.

لە ڕۆژنامەی ئاسۆی ژمارە 107 تورکمانەکان پەیوەندییان لەگەڵ کورد باشە کەن , لە ژمارە 109 دژ بە فیدراڵی سوپاسی جەعفەری دەکەن .
– ئافەرین ئەمە سیاسەت خوێندنەوەیە هەر ڕۆژەی فلیمێکە . سیاسەتی کوردی وایە بۆیە لە دوکان جەعفەری خائینە , لە بەغداش پشت برای هەق .

لێدوانەکەی د.جەعفەری لە بارەی کەرکوك بەهێند هەڵنگرتنی ئیتلاف حکومی و پەرۆشی نەبونییەتی بۆ ئایندە( ك.ن –کوردستانی نوێ 1–7).
– ئەگەر هەڵوێستیان باش بوایە دەبوایە هەموو پارەی عێراق لە منارەکانی نەجەف و کەربەلا خەرج کرایە , بە 1500000 دۆلارەکەی ئێستا مەمنون بوینایە , خەڵکی هەڵەبجەش بۆ ئۆتۆمۆبێلێکی زبڵ ڕێژ لە دەرگا نەماوە لێی نەدەن .

پەرلەمانی عێراق حزبی بەعس بەفاشیست و ڕەگەز پەرست دادەنێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکات ( ك.ن 6–7).
– ئەی بە قوربانی چاوی ڕەشتان بم , دڵمان تەقی خۆتان کەی بەعسییە کوردەکان لە ئەنفالچی و فایلچی و جاشچییەکان بە خاینە دەنە قەڵەم .

جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لە گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد و ئازادی (ك.ن 6–7).
– داوا دەکەم هەموو گەڕەکە هەژار نشین و قوربانی نشینەکان بە ناوی کەس و کاری پلە یەکی سەرۆکەکانەوە ناو بنرێن , تا لە هەژاری و بێخزمەتی ڕزگاریان بێت .

بەڕێز فازڵ میرانی: سەرکردایەتی حیزبەکان کۆسپن لەبەردەم چاکسازی و کۆمەڵگەی مەدەنی (هاوڵاتی 231).
– نەك تەنها کۆسپن لە ڕێگەی کۆمەڵگەی مەدەنی , بەڵکە کۆسپیشن لەبەردەم تێر بوونی سکمان و ژیانی مەدەنییش , چاك دەزانیین تا ئەوان هەبن , ساڵ بەساڵ خۆزگەم بە پار .

یەکگرتووی ئیسلامی: لە حکومەتی نوێدا ڕازی نەکرێین ئینسحاب دەکەین (ئاڵای ئازادی ژمارەی پێشوو).
– ئەی سوپای بەعس هاتەوە بۆ ئینسحابتان نەکرد ؟, ئەم گاڵتەیەش وەك سکرتێرییەکەی پەرلەمانە ! .

پێشمەرگەیەك 15 ساڵە لە نێو ئەشکەوتدا ژیان بەسەرە بات(ئاڵای ئازادی).
– بۆیە تەمەنی درێژەو تا ئێستا بە جەڵدەی دڵ نەمردووە , ئەم هەموو مودیر عام و جێگیری وەزیر و وەزیری بەعسی تەقاعودو زەوی تاپۆ کردنەی بینییایە ئێستا نەمابوو , بەقوربانە دەرنەچیت هیوای تەمەنی ئەسحاب کەهفت بۆ دەخوازم .

زانکۆی سەلاحەدین ناهێڵێ خوێندکاران بۆ خوێندنی ماستەر بچنە زانکۆی کۆیە (پەیامنێر 9–7).
–بۆ ئەوەی تەسکیەکە لای خۆیان بکرێت , تەسکیە سانایە شێخ زاناکان زۆرن بیکەن ! .

زۆربەی پرۆژەکانی شارەوانی کۆیە بە سەقەتی ماوەتەوە (ئاسۆ7–7).
– وەی لەبەر پرۆژەی شارەکان دیکە بمرم , پرۆژەیەك بەرپرسان بیکەن , کوردیان چی لێکرد , ئەویش بەهەمان دەردە بەن . کۆمپانیا نەماوە موڵکی بەرپرسێك نەبێت , ئەمە بازاڕی ئازادە یان بازاڕی بەرپرسان ؟.

توونا و ئەکین شەهیدی ئەنتەرناسیۆناڵن( ڕۆژی وڵات 3–7).
–ئەی کێ و کێ جاشی ئەنتەرناسیۆناڵن .

بۆ ڕێگە گرتن لە بەردەم ناڕەزایەتی شیوعییەکان گەرمیان , حیزبی شیوعی پارە دابەشە کات (هەواڵ 138).

–دیاره سۆڤییەت زیندوو بۆتەوە , هەموو معاشی حیزبی شیوعی و ئەوانی دیکەش بە ئەندازەی تەقاعودی دوو وەزیری بەعسی قەڵەو نییە .

سەرۆك بارزانی: هەرێمی کوردستان شوێنێکی لەبارە بۆ وەگەڕخستنی وەبەرهێنان (خەبات8–7).

– ئاگادار بە گەورەم بیانییەکان شەریکایەتی بەرپرسان قەبوڵ ناکەن , دەترسم کۆمپانیاکان ئەوانیش وەك ئاسیا سێڵ قوشتەپە ڕەت نەکات .

مام جەلال: سیستانی نیعمەتێکە لە خواوە بۆ گەلی عێراق (ك.ن 7–7).

– توخوا کام سەرۆکی داگیر کەرانی کورستان نیعمەت نەبوو لای بەڕێزتان, نیعمەت وایەئەی گوژاڵك و تاعون چۆنە؟.

دەزگای شەهیدان پارەی خوێندنی کچ و کوڕانی شەهیدانی کوردستان لە کۆلێژەکانی ئێوارانی زانکۆکانی کوردستان دەدات (خەبات 13–7).

– دەترسم وەك خانوو دابەش کردنەکەی شەقڵاوەی لێ بێت , شەهیدی کوردستان یان شەهیدانی حیزب , تکایە ڕونی کەنەوە ؟.

هانایەك بۆ ئەم منالە (بەختیار ئیبراهیم ئەحمەد) دڵی کونە (خەبات 12–7).

– کێ هەیە دڵی وەك نەفەقەکەی کۆیەو ئەزمڕ کون نەبێت لەم کوردستانە ؟ باشترە بنوسن هانایەك بۆ ئەم گەلە ناوی کوردە .

هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا–هەر هەڤاڵێك بیەوێت مەڵبەندەکان لەت و پەت بکات لێی قەبوڵ ناکەین (ك.ن13–7).

– ئەرێ دەنگوباسی ڕیفۆرم بەچی گەیشت؟ , لە ئەنتەرنێت سایدی ڕیفۆرمە کەنەوە و ئازادی بەرقەرارە , لەسەر زەویش سەنتریاڵی ناوەندی لادێیی زاڵە .

---

مەتاری دووەم لە هەولێر کرایەوە

– ساحەیەك بۆ ڕیمەکانیش لە شاردا نەماوە .